# دەربەندی رایات

ئامادەکردنی: ڕامان

گونـــدی دەربەنـــد لـــە سەرنەخشـــەو لاپـــەڕە دۆکیومێنتیـــەکان بەناوی"دەربەنـــدی رایات"دێـــت، یەکێکە لە گونـــدە دێرینو جوانو ســـەرنج راکێشەکانی باڵەکایەتی، نزیکەی چوار کیلۆمەتر لە سەنتەری قـــەزای چۆمانەوە دوورە، لە رووی ئیدارەیەوە ســـەر بەناحیەی حاجی ئۆمەرانە. گوندی دەربەند وەك لەســـەر زمانی کەســـە بەتەمەنەکانی ئـــەو گونـــدە پشتاوپشـــت گێڕدراوەتەوە، بـــە بێئەوەی پشـــت بە هیچ دۆکیومێنتێك بەستڕابێ، سەرەتا ئەو گوندە لەسەر دەستی"سێودین"و برازاکانی ئاوەدانکراوەتەوە، چیرۆکی هاتنی "سێودین"یش بۆ دەربەند بەم شێوەیە باســـکراوە. "سێودین"سەربە(عەشیرەتی سورچی)بووە لە ناسراون.

"ســـێودین"و چـــوار لـــە برازاکانـــی تریـــش روو لـــە گونـــدی "گوندەژۆر"دەکەن. "ســـێودین" خۆی لە گوندەژۆر نیشتەجێ دەبێو ســـێ لە برازاکانی تـــری دێنە گونـــدی دەربەند کە بریـــتی بوونە: لە "خدر ئاغا ، باوەکر ئاغا، کاکەللا "، ئێســـتا هەردوو تیرەی"کاکەللایی‌و خدراغەیی" لە دەربەندو تیرەی"حەمەدی باوەکراغا" لەگوندی"دێلزە" دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو سێ برازایەی "سێودین"، کە ئێستا نەوەیەکی زۆریـــان لـــەو گوندانەدا هەیـــە. بـــرازای چوارەمی کـــە ناوی"بابەکر ئاغا"دەبـــێ روودەکاتـــە گوندی"زێوکـــە" لە رۆژهەلاتی کوردســـتان‌و



دەربەندی کۆن

تیرەی"مام گردی" کە گوندی سەرەکیان ناوی"کەلاتی"بووە. ئەم پیاوە لە لایەن بنەماڵەی شێخانی سورچی رێزی زۆری لێگیراوە، تا سەردەمی شـــێخ "دۆبی"، لەو کاتەدا کێشەیەکیان لەگەڵ یەکێك لە تیرەکانی تری عەشیرەتی ســـورچی بۆ دروست دەبێ، بەو هۆیەوە سێودین‌و پێنج لە برازاکانـــی روو لە ناوچەی باڵەکایەتی دەکەن. ئەو کاتەی دەگاتە دۆڵی رۆست"حەســـەن"ی برازای لـــە گوندی"رۆســـتێ" دەمێنێتەوەو لەوێ نیشتەجێ دەبێ، ئێســـتا دوو تیرەی ئەو گوندە پشتاوپشت دەگەڕێنەوە سەر "حەســـەن" کە بریتین لە تیرەکانی"عەبابەکری وەستا مستەفاو مـــەلا عەبدولڕەحمانـــی کـــوڕی مـــەلای گـــەورە" کە بە ماڵە( ســـەن) لەوێ نیشـــتەجێ دەبێو ئێســـتا نەوەکانی لەســـنووری (مامەشایەتی‌و دەوروبەری شنۆ)بلاوبوونەتەوە. ساڵێکیان"سێودین" لە وەرزی زستاندا ماڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ هۆڵا"عەدی" لە بناری ســـۆرك ، شەوێکی ئەو زســـتانە بـــە میوانی دێتـــە لای برازاکانی لـــە دەربەند، بـــەرە بەیانی زوو کـــە لە خـــەو هەڵدەســـتێ "تاژی"یەکەی دەبینێ کـــە لەبەردەمی مـــاڵی برازاکەیەتی، ئەمیش یەکســـەر هەســـت دەکات کـــە تاژییەکەی بـــێ حیکمەت بەدوایـــدا نەهاتووەو دەبێ کارەســـاتێك روویدابێ، بۆیە بەپەلە لەگەڵ برازاکانی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەیان لە"هۆڵی عەدی" کە دەگەنەوە ماڵ، دەبینن کە "رنوی بەفر" بەســـەر ماڵەکەیاندا هاتووەو



دەربەندی تازە

هیچ یەکێك لــە ئەندامانی خێزانەکەی لەمردن رزگاریان نەبووە. ئەو حاڵەتە بۆ سێودێن دەبێتە کارەساتێك، دوای ماوەیەك بیر لە ژن هێنان دەکاتــەوە، ژنێك لەو ماڵــە دەخوازێ کە لە خوار گوندی "شــۆرە" لە "کەنــدێ باوێیمــە"دا دەژین، لــەو ژنە دوو کوری دەبــێ بە ناوەکانی "حەمەد ئاغا، جونەد" ئێســتا دوو تیرەی گەورەی گەلەژێرو گوندەژۆر نەوەی ئەو دوو کورەی "ســێودین"ن. لە ســاڵی (١٩٣٥) جادەی گشــتی هەولێر ـ حاجی ئۆمەران واتا "هاملتۆن" گەیشــتۆتە گوندی دەربەند، ژمارەیەکــی بەرچاو لە کرێکارەکانی جادەکە لەو ســەردەم دوای تەواو بوونی جادەکەش لە گوندی دەربەند مانەوەو تا ئێســتاش بەشــێك لە نەوەکانیان لەو گوندەدا دەژین‌و چەندین چیرۆك‌و رووداوی تەنزئامێز تا ئێستا لەسەر زمانی خەڵکەکە ماونەتەوە.

ســاڵی"١٩٥٨"بۆ یەکەمجار قوتابخانە هاتۆتە گوندی دەربەندو حاجی عەبابەکر کەریم دەربەندی ماوەی دوو ساڵ تەنها لەبەر ئەوەی قوتابخانە لە گوندەکەیان هەبێ خانووی ماڵی خۆی پێشکەشی قوتابخانە کردووەو لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکەش خزمەتی مامۆستاکانی کردووە.

یەکەم دەســتەی مامۆســتاکانیش کە لەو ســاڵە وانەیان وتووتەوەو خزمەتێکی گەورەیان کردووەو مێژوویەکی پرلە شــانازیان لەویژدانی خەڵکەکــە بــۆ خۆیــان تۆمار کــردووە، ئێســتا خەڵکــی دەربەند بە شانازییەوە باسیان دەکەن‌و ناویان دێنن‌و بریتین لە بەرێزان"مامۆستا زرار محەمەد مســتەفا رواندزی –ئێستاش لە دەربەند بە زرارە فەندی نــاوی دێت، محەمەد عەرەب، مســتەفا شــەقلاوەیی، مەعروف ناســر رواندزی، سەعید مەحمود رواندزی، عەزیز بالیسانی، عوسمان مستەفا شــەقلاوەیی، فاخیر هەولێری" هــەروا یەکەم بەردەســتی قوتابخانەی دەربەند"حاجــی ئەحمــەد کەریم"بــووە و ژمــارەی قوتابیەکانیش چل‌و ســێ قوتابی کورو کچ بوونە، جگە لە گوندی دەربەند لە گوندی "مەمیخەلان"یــش، دەهاتنــە ئــەو قوتابخانەیە. ســاڵی"١٩٦٠" یەکەم "قــەوان" لە لایەن"کەریــم خدر عەبدوڵــلا" هاتۆتــە چایخانەکانی دەربەندو خەڵکی ناوچەکە بەسەیرەوە لەدەوری کۆبوونەتەوەو گوێیان لە گۆرانیەکانی کاوێس ئاغا، عەیشــە شان، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان‌و حەسەن زیرەك.. تد گرتووە. حەسەن زیرەکی نەمر ماوەیەکی زۆر لەو گوندەدا ژیاوەو ئاشنایەتیەکی زۆری لەگەڵ خەڵکەکەدا پەیدا کردووەو چەنــد گۆرانیەکی لەو ســنورە بــۆ یەکەم جــار وتووە. لەســەرەتای دروســتبوونی کۆمەڵــەی"ژ.ك"ەوە. چەند تێکۆشــەرێکی ئەو گوندە پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکەن‌و دەبنە ئەندام تیایدا، دواتر هەر ئەوان پەیوەندی دەکەن بە حزبی دیموکرات‌و بەشــداری کۆماری کوردســتان لە "مەهاباد" دەکەن. لەهەمان کاتیشــدا بەشــداری هەردوو شۆرشــی ئەیلــول‌و نوێیــان کردووە.ســاڵی"١٩٨٣" بۆتە مەیدانی شــەڕی"عێراق – ئێران" بەتەواوی لەگەڵ زەوی تەخت کراوەو هەموو رەزو باخە چرو دارگوێزە گەورەکانی ســوتان‌و ســیمای جوانی شــێوێندرا. ساڵی "١٩٩١" ئاوەدان بۆتەوەو "٧١" ماڵی گەڕاوەتەوە ســەر زێدی خۆیان، قوتابخانەی ســەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی هەیە، لە لایەن رێکخراوی (KLA) پرۆژەی"کارەبــای کارۆ ئاوی"بــۆ کراوەو پرۆژەی ئــاوی خواردنەوەی بۆ دروســت کــراوە، لەگەڵ چەندیــن خانوو بۆ هاوڵاتیانــی گوندەکە. رێکخراوەکانی مین هەڵگرتنەوە زیاتر لە"٧"کێڵگە مینی دەوروپشــتی گوندەکەیان پاککردۆتەوەو بە هەزاران مینی جۆراو جۆرو تەقەمەنیان لەو کێڵگانە هەڵگرتۆتەوەو گیانی خەڵکەکەیان لە مردن رزگار کردووە، سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا چەندین کێڵگە مینی تر دەوری گوندەکەیان داوەو رۆژانە هەرەشــە لــە گیانی دانیشــتوان دەکات، پێویســتیان بە پاککردنەوە هەیە.

ئــەو گوندە لە درێــژەی کاروانی خەباتــدا زیاتر لە (١٥)شــەهیدی ســەنگەرو زیاتر لە (٢٥)قوربانی‌و برینداری مینیان بە خاکی وڵات بە خشیوە.